# کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە؟

دڵسۆز پشدەری
10.02.2005

ماوەیەک لەوەپێش کەسێک بە ناوی حەمە گاوان لە بابەتێکدا لە ژێر سەردێڕی [کێ لەسەر کورسی دوکتۆر قاسملو دانیشتووە]، کورتەیەک لە ژیاننامەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کاک مستەفا هیجری سکرتێری تازەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بڵاوکردەوە. وا دیارە ئەم نووسراوەیە لە بیرەوەریی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا نووسرابێت، کە نووسەر لەم ساڵیادەدا هەستی بە نوقسانی و کەموکوورییەکانی نێو رێبەرایەتیی حیزب کردووە. ئەمەش هانی داوە تا لە رێگای ئەم نووسراوەیەوە کوڵوکۆی دڵی خۆی دابمرکێنێت. نووسەر روونی کردووەتەوە کە لەمێژە کاک مستەفا و بنەماڵەکەیان دەناسێت و لە نزیکەوە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کاک مستەفا دا هەبووە و پێکەوە لە زانکۆی تاران خەریکی خوێندن بوون. هەروەها ئاماژەشی بەوە داوە کە وا خۆیشی ئەندامێکی حیزبی دێمۆکراتە، یان لانی کەم پێشتر ئەندامی ئەم حیزبە بووە. پەیڤەکانی کاک حەمە گاوان ئەوەندە راستەوخۆ و بێباکانە ئاراستەی کاک مستەفا کراون کە هیچ مەودایەک بۆ خوێنەر ناهێڵنەوە تا گومان و دوودڵی لێیان هەبێت. کاتێک کە نووسراوەکە دەخوێنیتەوە خودبەخود دێیتە سەر ئەو قەناعەتە کە بەزووترین کات وەڵامێک لە کاک مستەفاوە ببیسیت؛ چونکە ئەو بابەتانەی لە نووسراوەکەدا کەوتوونەتە بەر باس ئەوەندە تایبەت و نزیکن لە کاک مستەفاوە، کە تەنیا وەڵامی خودی کاک مستەفا، یان ئەو شاهیدانەی کاک حەمە گاوان ئاماژەیان پێدەکات، دەتوانێت لە دەرخستنی راستی یا ناڕاستیی مەسەلەکان یاریدەدەر بێت. لە هەمان کاتیشدا بێدەنگیی کاک مستەفا لەم مەسەلەیە، یان راسپاردنی ئەم و ئەو بۆ وەڵامدانەوەی بێسەروپا و قەزاوەتی کوێرانە، دەبێتە مۆری تەئیید بۆ قسەکانی کاک حەمە گاوان.

ئەوەندەی من بزانم و بە گوێرەی ئەزموونی خۆم لەناسینی کاک مستەفا دا، لام وا نییە کاک مستەفا وەڵامی پەیڤەکانی حەمە گاوان بداتەوە. چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کاک مستەفا ئەوەیە کە دەیەوێت هەموو کارێک بەنهێنی و لە پشتی پەردەوە جێبەجێ بکرێت. ئەمەش رەنگە لەبەر ئەوە بێت تا هیچکەس پەی بەوە نەبات خوا نەخواستە هەڵەیەک لە کاک مستەفاوە روویداوە.

بەر لە پێکهێنانی کۆنگرەی 13 ماڵپەڕی دیمانە دیمانەیەکی لەگەڵ کاک بابا عەلی مێهرپەروەر بڵاو کردەوە لە بارەی بەرنامەی داهاتووی ناوبراو، کاتێک کە ببێتە سکرتێری حیزب. لە سەرەتای دیمانەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە داوا لە کاک مستەفا هیجریش کراوە تا لە دیمانەیەکدا بەرنامەی کاری خۆی بۆ ئەندامانی حیزب روون بکاتەوە، بەڵام کاک مستەفا رەتی کردبووەوە و ملی بەم کارە شارستانییە نەدابوو. بەڵام هەر ئەم کاک مستەفایە چەند مانگێک بەر لە کۆنگرە واتە لە 24ی ژانوییەی 2004 نامەیەک بۆ تەواوی سەردەستەکانی باندەکەی خۆی دەنووسێت و پێیاندەڵێت کە بۆ پێشخستنی حیزب و رزگارکردنی لە رەوشی هەنووکەی پێویستە سەرەتا رێبەرایەتیی حیزب بگۆڕدرێت و پاشان قسە لە سەر مەسەلەکانی دیکە دەکەین... کاک مستەفا لە درێژەی نامەکەیدا بەرنامەی کار و رێبازی باندبازییان بۆ روونددەکاتەوە و داوایان لێدەکات کە هەریەکەیان بەناوی خۆیەوە مەسەلەکە بورووژێنن و بەتایبەتیش کارێک بکەن کە نوێنەرانی کۆنگرە بە قورمیشکراوی رەوانەی کۆنگرە بکرێن.

دوا بە دوای بڵاوبوونەوەی نووسراوەکەی کاک حەمە گاوان، بەرێزێک بەناوی کاک ئاکۆ ئەلیاسی لە سوێد و هەروەها کاک مەجید حەقی نوێنەری حیزب لە فەنلاند هەوڵیاندا وەڵامێکی نووسراوەکەی کاک حەمە گاوان بدەنەوە. بەڵام ئەوەی من لە نووسینەکانی ئەم دوو بەرێزەدا بەدیمکرد تەنیا هەڵگوتن بوو بەباڵای کاک مستەفادا و هیچیتر. ناهەقیش نین چونکە ئەو بەستەزمانانە هیچ لە ژیان و رابردووی کاک مستەفا نازانن و تەنیا ئەوەندە ئاگادارن کە جەنابی سەرۆکی باندە ناموبارەکەکەیانە و بەس. (قەساب لە فکری پیوادایە و بزنیش لە خەمی گیان). بەرێز حەمە گاوان ئامادەیە شاهیدەکانی بناسێنێت بۆ دەرخستنی پاشەڵپیسیی کاک مستەفا و لاوازیی ئەو لە بیر و رامان و کارکردنیدا، بەڵام کاک ئاکۆ و کاک مەجید لەلای کلکەوە دەستیان بە تێرامانی خۆیان کردووە؛ هەر بۆیە ویستوویانە بە خوێنەر بڵێن کە وا حەمە گاوان کابرایەکی جنێفرۆش و بێنەزاکەت و دوور لە

ئەدەب و خوورەوشتی سیاسی و دێمۆکراتیکە و واتای ئازادی نووسین و رەخنەگرتن نازانێت. هەروەها لەمەشی تێدەپەڕێنن و گەرەکیانە بڵێن کە حەمە گاوان بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامییە و لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە راسپێردراوە بۆ لەکەدار کردنی کەسایەتیی کاک مستەفا هیجری؛ چونکە بە باوەڕی ئەوان شتی لە بابەتی نووسراوەکەی بەڕێز حەمە گاوان لە مێژووی حیزبی دیمۆکراتدا نموونەی نەبووە. بە جۆرێک ئەم قسەیە دەکەن وەک ئەوەی کە مێژووی ئینشعابەکانی حیزب ئەوەندە کۆن و فەرامۆشکراو بێت کە هیچکەس موهاتەرات و یەکتر سووککردنەکانی ئەو سەردەمەی لەبیر نەمابێت. هەربۆیە ناچارم بڵێم کەر لە کوێ کەوتووە؟ و کوندە لە کوێ دڕاوە؟؟